حكومة أقليم كردستان-العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة رابرين
مديرية الشؤون القانونية

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

UNIVERSITY OF RAPARIN

ژمارە: ٧ / ٢٩ / ٢٠٧٦

بەروار: 9/ 7/2018

سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین
دەرچوو

بانگەوازی ژمارە(4) (2018–2019)

جۆر / زیادکردنی ئاشکرا

**1- پڕۆژەی بەکرێدانی (کافتریای کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان)**

**2- پڕۆژەی بەکرێدانی (کافتریای کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت)**

پاڵپشت بە یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مولکی دەوڵەت ژمارە(32)ی(1986) ماددەی(9)، هەروەها پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی بەنوسراوی ژمارە(3333) لە(2018/2/25) دراوە بە بەڕێز سەرۆکی زانکۆ، سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین/ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/ هۆبەی گرێبەستە گشتیەکان ئاگاداری(کۆمپانیا تایبەتمەند لەبواری ئامادەکردنی خواردن) دەکاتەوە کە خاوەن مۆڵەتی کارکردنن لەم بوارە، کە بەکرێدانی سەرەوە هەیە بۆ جێبەجێکردن بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا و هەر لایەنێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە ئەتوانێ سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆمان/بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی لەنهۆمی زەمینی بکات بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر کاری ناوبراو، وە بۆکڕینی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی دارایی/ هۆبەی خەرجیەکان لە نهۆمی یەکەم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە مەرج و ڕێنماییەکان بەرامبەر بڕی (30,000) سی هەزار دیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی و کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی براوەی کێبرکێ.

مەرج و ڕێنمایی بەشداریکردن:

1- ماوەی بردنی مەرج و ڕێنمایی لە ڕۆژی (2018/7/11) دەستپێدەکات تا بەرواری (2018/8/9) کۆتایی دەوام .

2- پێویستە بەشداربوو لارینەبونی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی وەربگرێت لەبەرواری (2018/7/11 تا 2018/8/9) بە پێچەوانەوە دوای ئەم بەروارە بەهیچ شێوەیەك لارینەبون نادرێت.

3- بۆ وەرگرتنی لارینەبون پێویستە وێنەیەك لە (مۆڵەتی کارکردن، پسولەی کڕینی مەرج و ڕێنمایی، پسولەی دانانی بارەمتەی سەرەتایی) لەگەڵ خۆی بێنێت.

4- هێنانی بارەمتەی سەرەتایی بەشێوەی نەختینە بە بڕی (8090000) هەشت ملیۆن ونەوەد هەزار دینار بۆ کافتریای کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان وە بڕی(12640000) دوانزە ملیۆن وشەسەد وچل هەزاردینار بۆ کافتریای کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت و دانانی لە بەڕێوەبەرایەتی دارایی زانکۆمان وەکو بارمتەی سەرەتایی.

University of Raparin / Presidency of Raparin University
Directorate of Legal Affairs

General Street
Rania / Al-Sulaimania
Kurdistan Region - Iraq

http://www.raparinuni.org
legalaffairs@raparinuni.org
: +964 (0) 7480194268

هەرێمی کوردستان – عێراق
سلێمانی - ڕانیە
ناونیشان : شەقامی گشتی ڕانیە – سلێمانی

5- زیادکردنەکە لە نهۆمی ئەرزی (زەمینی)باڵەخانەی کۆلێژی زانست دەکرێت لە هۆڵی مدرەجەکان لەکاتی هاتوو لە خاڵی(7).

6- هەریەك لەو بەروارانە بەر پشوی فەرمی کەوت، کارەکە بۆ ڕۆژی دوای پشوو دوا دەخرێت

7- کاتی زیادکردن

أ- بەکرێدانی کافتریای کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتیەکان ڕۆژی (2018/8/12) دەستپێدەکات کاتژمێر (9:30) ی سەرلەبەیانی.

ب- بەکرێدانی کافتریای کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ڕۆژی (2018/8/12) دەستپێدەکات کاتژمێر (11:30) ی سەرلەبەیانی.

8- بۆ وەرگرتنی زانیاری لەرێگەی سایتی زانکۆوە دەبێت(www.raparinuni.org) وە بۆ هەر پرسیارێك لە ڕێگەی ئیمەیلی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاساییەوە دەبێت بەم ناونیشانە (legalaffairs@raparinuni.org).

**پ.ی.د موفق خالد ابراهیم**

**سەرۆکی زانکۆ بەوەکالەت**

**وێنەیەك بۆ :**

- ✓ نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/بۆ ئاگاداریتان.
- ✓ نوسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێڕی و دارایی/ بۆ ئاگادارییتان.
- ✓ نوسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا/ بۆ ئاگاداریتان.
- ✓ نوسینگەی بەڕێز یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران/ بۆ ئاگاداریتان.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتیەکانی زانکۆ(خۆیەتی، دارایی، ووردبینی) بۆ ئاگاداریتان.
- ✓ لیژنەی زیادکردن/ بۆ ئاگاداریتان و کاری پێویست.
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیەکان/ بۆ ئاگاداریتان و بڵاوکردنەوەی لە سایتی زانکۆ/لەگەڵ ڕێزدا.....
- ✓ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی/ هۆبەی گرێبەستە گشتیەکان / بۆ پاراستنی و هەڵواسینی لە تابلۆی ئاگادارییەکان و بڵاوکردنەوەی لە (1) ڕۆژنامەی ڕۆژانە/ لەگەڵ ڕێزدا.......
- ✓ دەرچوو.

---